التحليل الجغرافي لتوزيع حجم المستوطنات الريفية في منطقة كفري

اكو محمد نوري١ , أ.د. جهزا توفيق طالب٢
١ قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق.
٢ قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق.
١. akom8280@gmail.com
٢. dr.jazatofiq@yahoo.com

**الكلمات المفتاحية:** التوزيع العددي والنسبي للقرى حسب المناطق، وطريقة توزيع القرى، وتوزيع أحجام القرى.

**كيفية اقتباس البحث**

نوري , اكو محمد , جهزا توفيق طالب, التحليل الجغرافي لتوزيع حجم المستوطنات الريفية في منطقة كفري,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Geographical Analysis of Rural Settlement Size Distribution in the Kifri Region

**Aku Mohammed Nouri1, Prof. Dr. Jaza Tawfiq Talib2**

**Department of Geography, College of Humanities, University of ١ .Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq**

**2 Department of Geography, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.**

1. akom8280@gmail.com
2. dr.jazatofiq@yahoo.com

**Keywords** : The numerical and relative distribution of villages by region, the method of village distribution, and the distribution of village sizes.

**How To Cite This Article**

Nouri , Aku Mohamme ,Jaza Tawfiq Talib ,Geographical Analysis of Rural Settlement Size Distribution in the Kifri Region ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The spatial distribution of rural settlements is a key topic in rural geography, as it reveals settlement patterns and the factors influencing their location. This study examines a historically significant district within the Garmian Administration of the Kurdistan Region. The study area covers approximately 15,287.8 km² and lies between (35° 10′25″ – 34° 25′ 15″) N and (44° 30′30″ – 45° 15′ 60″) E, about 35 km from the administrative center of Garmian.

The aim of this study is to identify and analyze the changes that occurred during the study period in the pattern and size of the spatial distribution of rural settlements in the study area, and to examine the impact of these

changes on regional development. The study seeks to provide a planning basis for achieving economic, social, and environmental balance, and for establishing population equilibrium between urban and rural areas.
The study adopts regional, analytical, and comparative approaches, and employs statistical and mathematical techniques, in addition to the use of Geographic Information Systems (GIS 10.8). There is no doubt that any scientific research needs one or more research methods to become a scientific process for all steps in the research. The most important methods used in this study are the comparative method and quantitative analysis of places in geography.
In Kurdistan, it is located between the two circles of latitude (35° 〖10〗^' 〖25〗^"-34° 〖25〗^' 15") north latitude and longitude (44° 〖30〗^' 〖30〗^"-45° 〖15〗^' 60") East Degree. It consists of the districts of (Center, Sarqala, Awaspi, Cox, Najul). It is located 35 km from the center of Garmian administration. See Map
Regarding the time limit, the study emphasizes the distribution of rural settlements in 2023 in the study area, which was (133) rural settlements.


## ملخص:

يحتل توزيع أحجام المستوطنات الريفية جانباً مهماً في الدراسات المتعلقة بجغرافية الأرياف، وذلك لتسليط الضوء على أنماط التوزيع من جهة، وأسباب ذلك التوزيع من جهة أخرى.
تتمثل الا وهى مدينة كفري في أحد الأقضية القديمة التابعة لإدارة كرميان في إقليم كردستان، حيث تبلغ مساحتها (١٥,٢٨٧٨ كم²)، وتقع بين دائرتي عرض (″15 ′25 °34 – ″25′10 °35) شمالاً، وخطي طول (″60 ′15 °45 – ″30′30 °44) شرقاً، وتبعد مسافة (٣٥ كم) عن مركز إدارة كرميان.
يهدف هذا البحث إلى الكشف عن التغيرات التي طرأت خلال سنوات الدراسة على نمط توزيع أحجام المستوطنات الريفية في المنطقة، وأثر تلك التغيرات على عملية التنمية، وذلك بهدف وضع خطة تشمل المجالات الاقتصادية والاجتماعية والبيئية، وتحقيق التوازن السكاني بين الحضر والريف.
أما منهجية البحث، فقد اعتمدت على المناهج (الإقليمي، والتحليلي، والمقارن)، بالإضافة إلى استخدام الطرق والمعادلات الرياضية ونظم المعلومات الجغرافية (GIS ١٠,٨). لا شك أن أي بحث علمي يحتاج إلى منهجية أو أكثر ليصبح عملية علمية متكاملة في جميع مراحل البحث. ومن أهم المنهجيات المستخدمة في هذه الدراسة المنهج المقارن والتحليل الكمي للمواقع الجغرافية.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تقع هذه المنطقة في كردستان، بين خطي عرض (٣٥° ١٠' ٢٥" - ٣٤° ٢٥' ١٥") وخطي طول (٤٤° ٣٠' ٣٠" - ٤٥° ١٥' ٦٠") شرقاً. وتضمّ مقاطعات (المركز، سرقلة، أواسبي، كوخ، ناجول). وتبعد ٣٥ كيلومتراً عن مركز إدارة كرميان. انظر الخريطة

فيما يتعلق بالمدة الزمنية، تركز الدراسة على توزيع المستوطنات الريفية في عام ٢٠٢٣ في منطقة الدراسة، والتي بلغ عددها (١٣٣) مستوطنة ريفية.

## شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری


ئاكۆ محمد نوری[١] ، پ.د. جەزا تۆفیق طالب[٢]

١ بەشی جوگرافیا ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق.

٢ بەشی جوگرافیا ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق.

1. akom8280@gmail.com
2. dr.jazatofiq@yahoo.com



**پوختە:** دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتیەکان گۆشەیەکی گرنگ لەتوێژینەوەکانی تایبەت بەجوگرافیای دێهاتەکان دەگرێتەوە، بۆ خستنەڕووی شێوازەکانی دابەشبوون لە لایەکو، هۆکارەکانی دابەشبوونیان لە لایەکی ترەوە. قەزای کفری یەکێکە لە قەزا دێرینەکانی ئیدارەی گەرمیان لەهەرێمی کوردستاندا، کەرووبەرەکەی (١٥,٢٨٧٨کم[٢]) یە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی $(35° 10′25″ – 34° 25′ 15″)$ پلەی باکور ، هێڵی درێژی $(44° 30′30″ – 45° 15′ 60″)$ پلەی ڕۆژهەڵات، کە (٣٥ کم) لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانەوە دورە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی گۆڕانکارییەکانە لەماوەی ساڵانی توێژینەوەدا لەسەر شێوازی دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتەکانی ناوچەکە و کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر کرداری پەرەپێدان، ئەمەش بۆئەوەی ببێتە پلانێك لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، دروستبوونی هاوسەنگی دانیشتوان لەنێوان شار و دێهات.

میتۆدی توێژینەوە، لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی (هەرێمی و شیکاری و بەراوردکاری) هەروەها بەکارهێنانی ڕێگا و هاوکێشەی ماتماتیکی و بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان (GIS 10.8).



**کلیلە ووشە:**
دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دێهاتەکان بەگوێرەی ناحییەکان، شێوازی دابەشبوونی دێهاتەکان, دابەشبوونی قەبارەیی دێهاتەکان.

**پێشەکی:**

دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکان بابەتێکی گرنگی جوگرافیای دێنشینییە کە گرنگی دەدات بە شێوازی دابەشبوونی قەبارەی گوندەکان و کۆبوونەوەیان، مەبەستیش لەم دابەشبوونە قەبارەیە، ڕێکخستن و پۆلێنکردنی نشینگە دێهاتییەکانە لەهەر ناوچەیەکدا بەپێی قورسایی و قەبارەی دانیشتوانی گوندنشین ، کە دابەشبوونی جوگرافییان پانتاییەکی گرنگ لە توێژینەوەکانی تایبەت بە جوگرافیای نیشتەجێبوونی دێهات دەگرێتەوە ، ئەمەش بۆ خستنەڕووی شێوازەکانی دابەشبوون لە لایەك و ، هۆکارەکانی دابەشبوونیان لە لایەکی ترەوە ، چونکە شێواز بەلای جوگرافیناسانەوە چەمکێکە بۆ ڕێکخستین ڕەگەزەکانی سەر ڕووی زەوی بەکاردێت. مەبەستیش لەشێواز ئەو شێوەیەیە کە نشینگە دێهاتییەکان لە دابەشبوونە شوێنیەکانیاندا وەریانگرتووە.

بەهۆی ئەو بارودۆخە رامیارییانەی کە ناوچەی گەرمیان وناوچەی توێژینەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوە پێدا تێپەڕ بووە، نشینگە دێهاتیەکانی ناوچەی توێژینەوە بەتەواوی خاپورکران، دواى راپەڕینیش لەساڵی (١٩٩١ز) نەتوانرا وەکو پێویست ئاوەدان بکرێنەوە و خزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەش بکرێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی ناوچەی توێژینەوە بکات، بەئامانجی خستنەڕووی شێوازەکانی دابەشبوونیان و دۆزینەوەی خاڵە سەنتەرییەکانیان بۆ دیاریکردنی شوێن گونجاو بۆ لایەنە کارگێرییە پەیوەندی دارەکان بەمەبەستی دروستکردنی سەنتەری خزمەتگوزاری بۆ یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**لایەنی توێژینەوەکەمان بەم خاڵانە دەخەینەڕوو:**

**١. کێشەی توێژینەوە:**

١- ئایا جیاوازی بەدیدەکرێت لە دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دیهاتەکانی قەزاکە؟

٢- ئایا گۆرانکاری ڕویداوە لە تێکڕا و ڕیزبەندی قەبارە و شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتەکان؟

**٢. گریمانەی توێژینەوە:**

١- جیاوازی بەدیدەکرێت لە دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری لەماوەی ساڵانی توێژینەوەدا، ئەم جیاوازییە بەئاستێکی جیاواز دەردەکەوێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و گۆرانی بەسەرداهاتووە.

٢- لەماوەی ساڵانی توێژینەوەدا گۆرانکاری ڕوویداوە لە تێکڕا و ڕیزبەندی قەبارە و شێوازەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان.

### ٣. ئامانجی توێژینەوەکە

دەرخستنی گۆرانکارییەکانە لەماوەی ساڵانی توێژینەوەدا لەسەر شێوازی دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتەکانی ناوچەکە و کاریگەری ئەو گۆرانکارییانە لەسەر کرداری پەرەپێدان، ئەمەش بۆئەوەی ببێتە پلانێك لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، دروستبوونی هاوسەنگی دانیشتوان لەنێوان شار و دێهات.

### ٤. گرنگی توێژینەوە:

خستنەڕووی دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفرییە، کە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی دێهاتەکان لە ناوچەکەدا، هەروەها نەبوونی پلانێکی ستراتیجی گرنگ بۆ گوندنشینانی قەزاکە و دەرخستنی کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر شێوازی دابەشبوونی قەبارەی گوندەکانی ناوچەکە.

### ٥. ڕێبازی توێژینەوە:

گومان لە وەدا نییە هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێکی توێژینەوە هەیە، تاکو ببێتە ڕەوتێکی زانستی بۆ تەواوی هەنگاوەکانی ناو توێژینەوەکە. لە گرنگترین میتۆدە بەکارهاتوەکانیش لەم توێژینەوەدا بریتییە لە میتۆدی بەراوردکاری و شیکاری چەندێتی شوێنی لە جوگرافیادا بەکارهاتووە.


### ٦. سنووری ناوچەی توێژینەوە:

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە رۆژئاوای ئیدارەی گەرمیانەوە لەهەرێمی کوردستاندا، لەرووی ئەسرتۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی $(35^\circ\,10'25'' - 34^\circ\,25'\,15'')$ پلەی باکور ، هێڵی درێژی $(-\ 44^\circ\,30'30''$ $45^\circ\,15'\,60'')$ پلەی ڕۆژهەڵات. لە ناحییەکانی (سەنتەر، سەرقەڵا، ئاوەسپی، کۆکس، نەوجول) پێك دێت. کە (٣٥ کم) لە سەنتەری ئیدارەی گەرمیانەوە دوورە پروانە نەخشەی (١).

سەبارەت بەسنوری کاتیش توێژینەوەکە جەخت لەسەر دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکانی ساڵی (٢٠٢٣) ناوچەی توێژینەوە دەکاتەوە کە (١٣٣) نشینگەی دێهاتی بووە.

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arcmap GIS 10.8.2).

**دابەشبوونی جوگرافیی دێهاتەکان (دابەشبوونی شوێنی)**

دەرکەوتن وسەرەتای توێژینەوەکانی بواری دابەشبوونی شوێنی، دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەویش لە دەوروبەری ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٠ز)، پاشان زۆر بەخێرایی بەناو ناوەندە زانستیەکانو زانکۆکانی دەرەوەی ئەمریکادا بڵاوەیکرد [١]. دابەشبوونی شوێنی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو شێوازانەی کە دروستدەبن لە ئەنجامی دابەشبوونی کۆمەڵێك دیاردەی دیاریکراو لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا، ئەویش لە چوارچێوەی قوتابخانەی شوێن (مدرسة الموقع)دا، بەو پێیەی کە هەر دیاردەیەك شوێنێکی دیاریکراوی هەیەو لە سەر ڕووی زەویو تیایدا دابەشدەبنو بڵاودەبنەوە، دابەشبوونەکانیش شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، هەموو دیاردەیەك بۆ دابەشبوونو بڵاوبونەوەی شێوەیەکی دیاریکراوی هەیەو پێی دەوترێت شێواز (نمط)، هەروەها شێوازەکانیش بەرجەستەکراوی کۆمەڵێك هۆکارن، ئەم

١) کریم، محمد مهدی، ٢٠١٦ ، دابەشبوونی شوێنیی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافی، خانەقین، لا ١٣.

هۆکارانەیش بەردەوام جێی بایەخی زانستی جوگرافیان، ئەوەی لە دابەشبوونەکەدا گرنگە ئەوەیە کە زۆرجار شێواز (pattern)ـێکی دیاریکراو دەنوێنێت، یاخو ئەوەیە کە تەنیا دابەشبوونێکی هەرەمەکیە، ئەگەر هاتوو دابەشبوونەکە شێوازێکی دیاریکراوی لەخۆگرت واتای ئەوەیە کە هێز یان کۆمەڵە هۆکارێك لەپێش ئاراستەکردنی ئەو شێوازەوەن، بەڵام ئەگەر هاتوو دابەشبوونەکە هەڕەمەکی بوو، ئەوا تەنیا بە چانسو ڕێکەوت بووە [٢].

دابەشبوون، بە کرۆکی کاری جوگرافیا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جوگرافیا تەنیا لە خودی دابەشبوونەکەو پەیوەندیەکانیان ناکۆڵێتەوە، واتە تەنیا لەو دیاردانە ناکۆڵێتەوە کە ناوچەیەك داگیردەکەن، بەڵکو جەخت لەسەر خودی ئەو شوێنە دەکاتەوە کە بەهۆی دیاردە دابەشبووەکانی ناویەوە دیاریکراوە، یان لە پەیوەندیە ژینگەییەکانیان، دەرئەنجامی ئەمەیش ئەو پەیوەندیەو کارلێکە تەواوکەرانەیە، کەلەنێوان دیاردەکاندا لە چوارچێوەی سنوری ناوچەکەدا بەدیدەکرێن، ئەمەش بەگرنگترین بابەتەکانی ناو زانستی جوگرافیا دەژمێردرێت [٣].

**یەکەم: دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دێهاتەکان بەگوێرەی ناحییەکان**

خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری خستۆتەڕوو لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، ژمارەی سەرجەم دێهاتەکان بریتین لە (١٣٣) دێ، زۆرترین ژمارەی دێ کەوتۆتە گەورەترین ناحیەوە ئەویش ناحیەی زنانەیە لە باکووری ڕۆژئاوای قەزاکە، کە (٣٩) دێی لەخۆگۆتووە، لە بەرانبەردا ناوەندی قەزای کفری کەمترین ژمارەی دێی لەخۆی گرتووە، کە تەنیا (٢) دێیە. هەریەک لە ناحیەکانی (ئاوەسپی، کۆکس، سەرقەڵا) بەدوای یەکدا (٣٢، ٣١، ٢٩) دێیان تێدا هەڵکەوتووە.

چڕیی دابەشبوونی دێهاتەکان لە ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکاندا وەک یەک نیین، بەرزترین چڕی دانیشتوان دەکەوێتە ناوەندی قەزای کفری کە بریتییە لە (٣٤,١کم$^2$)، بەرزی ئەم ڕێژەیە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، ڕەنگە لە داهاتوودا کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوەندی قەزاکە هەبێت، ئەویش بەهۆی بچووکی ڕووبەر لەچاو ژمارەی دانیشتوان، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو کۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە لە قەزاکەدا ڕوویانداوە بوونەتە هۆی بچووك بوونەوەی ڕووبەری ناوەندی قەزاکە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و خراپی ڕێگاوبانەکان وایکردووە دانیشتوانی دێهاتەکان کۆچ بکەن بۆ ناوەندی قەزای کفری. ناحیەی نەوجول-زنانە چڕیی دابەشبوونی

---

٢) الفرا، محمد علي عمر ، ١٩٨٠، علم الجغرافيا (دراسة تحليلية نقدية في المفاهيم والمدارس والاتجاهات الحديثة في البحث الجغرافي)، نشرة ٢٢، يصدرها قسم الجغرافيا بجامعة الكويت والجمعية الجغرافية الكويتية، كويت ص ٨٨.

٣) خير، صفوح ، ٢٠٠٢، الجغرافية موضوعها ومناهجها و اهدافها، ط ٢، مطبعة دار الفكر ، دمشق، سوريا ، ص ٥٠.

دێهاتەکانی بریتیە (٢٦,٤ کم$^{٢}$/دێ) کە لەدوای ناوەندی قەزاوە بەپلەی دووەم دێت. پاشان ناحیەی سەرقەڵا دێت بەپلەی سێیەم، کە چڕیی دابەشبوونی دێهاتەکانی بریتییە لە (٢١,٣ کم$^{٢}$/دێ)، ناحیەی ئاوەسپی بە (٢٠کم$^{٢}$/دێ) لە پلەی چوارەمە. کەمترین چڕی ناحیەی کۆکسە، کە (١٥,٨کم$^{٢}$/دێ)ـە. چڕیی گشتیی دابەشبوونی دێهاتەکان لە کۆی گشتیی ڕووبەری قەزای کفریدا بریتییە لە (٢١,٤کم$^{٢}$/دێ).

خشتەی ژمارە (١)

دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری بەگوێرەی ناحییەکان، ساڵی ٢٠٢٣


| ژ | یەکەی کارگێری (ناحیە) | ژمارەی دێ | ڕووبەر (کم$^{٢}$) | چڕیی دابەشبوون (کم$^{٢}$/ دێ) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی قەزا | ٢ | ٦٨,٢ | ٣٤,١ |
| ٢ | نەوجوول-زنانە | ٣٩ | ١٠٣١,٣ | ٢٦,٤ |
| ٣ | سەرقەڵا | ٢٩ | ٦١٨,٨ | ٢١,٣ |
| ٤ | ئاوەسپی | ٣٢ | ٦٣٩,٤ | ٢٠ |
| ٥ | کۆکس | ٣١ | ٤٩١,٣ | ١٥,٨ |
| | کۆی قەزا | ١٣٣ | ٢٨٤٩ | ٢١,٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپێی نەخشەی (٢)، چڕیی دابەشبوونی دێیەکان لە ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دێیەکانی هەر ناحیەیەك بەسەر ڕووبەری ناحییەکەدا دەرهێنراوە.

نابەرانبەریی دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزاکە بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکەدا بەڕوونی لە نەخشەی (٢)دا دەردەکەوێت، بەجۆرێک زۆرترین چڕبوونەوەی دێهاتەکان لە ناحیەی کۆکس بووە، کە ڕەنگێکی تێری قاوەیی وەرگرتووە.

نەخشەی ژمارە (٢)

دابەشبوون و چڕیی دێیەکانی قەزای کفری بەگوێرەی ناحییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arcmap GIS 10.8.2).

بەوشێوەیە دواتر هەریەک لە ناحییەکانی ئاوەسپی و سەرقەڵا و نەوجوول و دواتریش ناحیەی ناوەندی قەزای کفری ژمارەی دێ و نیشتەجێبوونی دێهاتی هەیە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**دووەم: شێوازی دابەشبوونی دێهاتەکان**

دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری تەنیا لەڕووی دابەشبوونیان بەسەر یەکە کارگێڕییەکاندا جیاوازنین، بەڵکو لەرووی شێوازی دابەشبوونو بڵاوبوونەوەشیانەوە بەسەر ڕووبەی ناوچەی توێژینەوەدا دیسان جیاوازن. لەم ڕووەوە جوگرافیناسان بایەخێکی زۆر بە دابەشبوونە شوێنییەکان دەدەن لە هەردوو بواری (سروشتی و مرۆیی)دا، بۆ نموونە وەك (دابەشبوونی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕووەك لە پشتێنەیەکی ئاووهەوایدا، یان دابەشبوونی نشینگە مرۆییەکان لە یەکەیەکی کارگێریدا، یاخود دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیو پەروەردەیی لە یەکێك لە شارەکاندا)، ئەوەی کە گرنگە لە توێژینەوەی دابەشبوونە جوگرافیاییەکاندا ئەوەیە کە لەو دابەشبوونەوە شێواز (Pattern)ێکی دیاریکراو وەردەگرێ، کە زۆرجار دروستبوونی ئەو شێوازەش هۆکارو پاساوی تایبەتی خۆیان لەپشتەوەیە، یاخود ڕەنگە تەنیا دابەشبوونێکی هەڕەمەکی بن دروستبوونی بە ڕێکەوت بوویێت [٤].

**١) خاڵە ناوەندییەکانی ناو دابەشبوونی شوێنی دێهاتەکان**

خاڵە سەنتەرییەکانی ناو دابەشبوونە شوێنییەکان بریتین لە: (ناوەندی دابەشبوون Mean Center)، هەروەها (دیاردەی ناوەندی Feature Central)و پاشان (ناوەندی ڕووبەری Areal center)، بێگومان دۆزینەوەی هەریەکێ لەم خاڵانە ڕێکارێکی ئاماریی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە جگە لەوەی هەریەکێ لەم خاڵانە دەبنە چەقی پێوەرەکانی تر. دۆزینەوەی ئەم خاڵانە دوو ئامانجی گرنگیان لە پشتەوەیە، ئامانجەکانیش بریتین لە [٥]:

- بەراوردکردنی دووری سەنتەرە ڕاستەقینەکان (بۆ نموونە سەنتەرە ئیدارییەکان)، لەگەڵ سەنتەری نموونەیی دابەشبوونەکاندا.
- دۆزینەوەی شوێنی سەنتەرێکی ناوەندی گونجاو تاکو بکرێتە سەنتەری خزمەتگوزارییە گشتەکانی وەکو (تەندروستی، پەروەردەیی، کارگێری، بازاڕ)، تاکو دووری سەنتەرەکە بۆ تەواوی شوێنەکانی ناو دابەشبوونەکە گونجاو و بەردەست بێت.

ئەگەر سەرنج بدرێت لە نەخشەی (٣)، کە خاڵە ناوەندییەکانی دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفریی و یەکە کارگێری (ناحییەکان)ـی تێدا خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت ناوەندی کارگێریی قەزای کفری لەگەڵ خاڵی ناوەندی دابەشبوونەکەدا یەکناگرێتەوە، واتە ئەم پێوەرە دەریدەخات

---

٤) الجابری، الفاروق عبدالحلیم البشیر ، ٢٠٠٩ ، نزهة یقظان تحلیل صلة الجوار فی الدراسات الجغرافیة بالتطبیق علی المستوطنات البشریة بمنطقة مكة المكرمة، مجلة جامعة ام قری للعلوم الاجتماعیة، المجلد الاول، العدد الاول، ص ١٥٤-١٥٥.

٥) داود، جمعة محمد ، ٢٠١٢، اسس التحليل المكاني في اطار نظم المعلومات الجغرافية GIS، ط ١ ، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية، ص ٤١.

ناوەندی قەزای کفری شوێنێکی گونجاوی نییە، بەڵکو نزیکەی (١٥کم) لە شوێنی گونجاو (واتە خاڵی ناوەندی دابەشبوون)ـەوە دوورە.
ئەگەر ئەم پێوەرە بەسەر ناوەندی ناحیەکانی سەر بە قەزاکەشدا جێبەجێبکەین، دەتوانین گونجاویی شوێنی ناوەندی ناحیەکانیش بزانین. بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە هەمان نەخشە بۆمان دەردەکەوێت کە گونجاوترین شوێنی هەڵکەوتەی ناوەندی ناحیەکان بریتییە لە (ناوەندی ناحیەی سەرقەڵا)، چونکە کەمترین دووری هەیە لەگەڵ خاڵی ناوەندی دابەشبوونی دێهاتەکانی ناحیەکەدا، کە بریتیە لە تەنیا (١,٤کم). دواتر ناوەندی ناحیەی زنانە دێت، ئەویش دووریەکەی بریتیە لە ٣,٦کم)، پاشان ناوەندی ناحیەی ئاوەسپی دێت بە دووریی (٣,٨کم)، ناوەندی قەزای کفری زیاتر لە (٥کم) لە خاڵی ناوەندی دابەشبوونەکەوە دوورە، هەروەها دووریی ناوەندی ناحیەی کۆکس لە خاڵی ناوەندی دابەشبوونی دێهاتەکانیەوە بریتیە لە (٨,٥٥کم).
کەواتە گونجاوترین شوێنی ناوەندی ناحیەکان بریتین لە هەریەک لە ناوەندی ناحیەکانی (سەرقەڵا، زنانە، ئاوەسپی)، چونکە دووریی هیچ کام لەم ناوەندانە نەگەشتۆتە (٤کم)، ئەمەش دەریدەخات شوێنی ناوەندی ناحیەکانیان تاڕادەیەک گونجاوە بۆ پەخشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ دێهاتەکانیان.

خشتەی ژمارە (٢)


دووریی ناوەندی قەزای کفری و ناحییەکانی لە خاڵە ناوەندی دابەشبوونەوە

| ژ | ناوەندی کارگێری | دووری لە خاڵی ناوەندی دابەشبوونەوە (Mean Center) |
|---|---|---|
| ١ | ناوەندی قەزای کفری | ١٤,٧ |
| ٢ | ناوەندی ناحیەی سەرقەڵا | ١,٤ |
| ٣ | ناوەندی ناحیەی کۆکس | ٨,٥٥ |
| ٤ | ناوەندی ناحیەی ئاوەسپی | ٣,٨ |
| ٥ | ناوەندی ناحیەی زنانە (نەوجوول) | ٣,٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە نەخشەی ژمارە (٣).

نەخشەی ژمارە (٣)

خاڵە ناوەندییەکانی دابەشبوونی دێهاتەکان لە قەزای کفری




سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێگەی جێبەجێکردنی توڵەکانی Measuring - Geographic Distribution - بەسەر دێهاتەکانی قەزای کفریدا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەشکی تری گرنگی خاڵە ناوەندییەکان لەوەدایە کە ئەگەر هەرسێ خاڵە ناوەندییەکە واتە (خاڵی ناوەندی دابەشبوون، خاڵی دیاردەی ناوەندی، خاڵی ناوەندی ڕووبەری) کەوتنە سەر یەک لۆکەیشن (شوێن)، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت دابەشبوونی دێهاتەکان زۆر نموونەییە و شێوای دابەشبوون دروستناکەن، یاخود شیکاری هەڵناگرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە نەخشەکەوە دەردەکەوێت: خاڵە ناوەندییەکانی سەرجەم دێییەکانی قەزاکە، لەگەڵ خاڵە ناوەندییەکانی هەریەک لە ناحییەکان نەکەوتوونەتە سەریەکتر، واتە هیچ گروپێکیان هەمان لۆکەیشنیان (شوێن) نیە، بۆیە دابەشبوونەکە بە نموونەیی هەژمارناکرێت، ئەمەش ڕەنگە سەرەتایەک بێت بۆئەوەی شێوازێکی دیاریکراومان دەستبکەوێت.

## ٢) دووریی پێوانەیی دابەشبوونی دێهاتەکان

ئەم تەکنیکە بۆ پێوانەکردنی مەودای دووری یاخود ڕادەو پلەی کۆبوونەوەی خاڵەکان لە دابەشبوونێکی شوێنیدا بەکاردێت ، دووری پێوانەیی لە شیکاری دابەشبوونی شوێنیدا هاوشێوەی پێوەری لادانی پێوانەییە، ئەم پێوەرە (دووری پێوانەیی) سودی لێوەردەگیرێ بۆ کێشانی بازنەیەك کە ناسراوە بە بازنەی پێوانەیی (Standard Circle)، کە دەکرێت لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەوە زانیاریمان دەربارەی پلەی کۆبوونەوە یان بڵاوبوونەوەی دووری شوێنی دیاردەکان دەست بکەوێت، هەروەها ناوەڕاستی بازنەکە بریتیە لە (خاڵی ناوەندی دابەشبوون Mean Center)، هەرچەندە بەهای دووری پێوانەیی زیاتربێت ئەوەندەیش قەبارەی بازنەکە گەورەتر دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە دابەشبوونی خاڵەکانی ناو دیاردەکە دابەشبوونێکی پەرش‌وبڵاوە، وە بە پێچەوانەیشەوە ڕاستە، پاش کێشانی بازنەی پێوانەیی ئەوە تێبینی دەکرێت کە هەندێك لە خاڵەکان دەکەونە ناو بازنەکەوەو هەندێکی دیکەیان دەکەونە دەرەوەی بازنەکەوە، ئەو خاڵانەی دەکەونە ناو بازنەکەوە دووریان لە سەنتەری ناوەندیەوە کەمترە لە دووریە پێوانەییەکە، بەڵام ئەو خاڵانەی دەکەونە دەرەوەی سنوری بازنەکەوە دووریان لە خاڵی سەنتەری ناوەندیەوە زیاترەبە بەراورد بە دووری پێوانەیی [٦].

بەتێڕوانین لە خشتەی (٣) و نەخشەی (٤)، کە دووریی پێوانەیی کۆی دێهاتەکانی قەزاکە و هەریەک لە ناحیەکانیان تێدا خراوەتەڕوو، دەتوانرێت جیاوازیی ڕادەی کۆبوونەوە و پەرش و بڵاویی دابەشبوونی دێهاتەکان بزانرێت. لەکۆی گشتی قەزاکەدا کەمترین دێهاتەکان کەوتوونەتە ناو بازنەپێوانەییەوە، کە بریتیەلە (٦٠,٢). لەسەر ئاستی ناحیەکان پێوەرەکە دەریدەخات ناحیەی کۆکس زۆرترین کۆبوونەوەی بەدەوری خاڵی ناوەندی دابەشبوونی دێهاتەکانیدا هەیە، لە کاتێکدا ناحیەی نەوجوول دێیەکانی پەرشوبڵاوترن.

---

٦) سنكري، ايمان ، التحليل الاحصائي للبيانات المكانية في نظم المعلومات الجغرافية GIS، ط ١، مطبعة شجاع – حلب، سوريا، ٢٠٠٨، ص ٥٥.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

چونکە زۆرترین بەهای دووریی پێوانەیی تۆمارکردووە، بەمەش ڕووبەری بازنەکەی گەورەترە و نزیکەی (٧٠%)ـی دێهاتەکانی ناحیەکەی تێکەوتووە.

خشتەی ژمارە (٣)

بەهای دووریی پێوانەیی*

| یەکەی کارگێری | دووریی پێوانەیی (کم) | ڕووبەری بازنە (کم٢) | ژمارەی گوند | دێهاتەکانی ناو بازنە | (%)ـی سەرجەم دێهاتەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی قەزا | - | - | ٢ | - | - |
| ناحیەی سەرقەڵا | ٩,٧ | ٦٠,١ | ٢٩ | ١٩ | ٦٥,٥ |
| ناحیەی کۆکس | ٨,٩ | ٥٥,٩ | ٣١ | ١٩ | ٦١,٣ |
| ناحیەی ئاوەسپی | ٩,٦ | ٦٠,٦ | ٣٢ | ١٩ | ٥٩,٤ |
| ناحیەی زنانە (نەوجوول) | ١١,٢ | ٧٠,٣ | ٣٩ | ٢٧ | ٦٩,٢ |
| قەزای کفری | ٢٦,٤٦ | ١٦٥,٧ | ١٣٣ | ٨٠ | ٦٠,٢ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەگوێرەی نەخشەی (٤).

### ٣) ئاراستەی دابەشبوونی دێهاتەکان

ئەم پێوەرە بەکاردێت ئەگەر هاتوو دابەشبونی ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەبێت، لەبەرئەوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم پێوەرەدا دەتوانین شێوەیەکی هێلکەییمان دەست بکەوێت کە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی ئاراستەی دابەشبوون دەکات لەو ناوچەیەدا. سەنتەری ئەم شێوە هێلکەییە لە نەخشەکەدا دەکەوێتە سەر یەکێك لە خاڵە ناوەندییەکان ئەویش خاڵی (ناوەندی دابەشبوون Mean Center)ـە [٧].

ئەگەر سەیری نەخشەی (٥) بکەین، کە ئاراستەی دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری و ناحیەکانی تێدا دیاریکراوە، دەردەکەوێت

*) بەهای دووری پێوانەیی، لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە دەرهێنراوە:

$$SD = \sqrt{\frac{\sum i(Xi - \bar{X})^2}{n} + \frac{\sum i(Yi - \bar{Y})^2}{n}}$$

SD= دووری پێوانەیی ، $\sum i$= سەرجەمی ڕەگەزەکان (خاڵەکان) ، Xi= بەهاکانی تەوەری ئاسۆیی ،
Yi= بەهاکانی تەوەری ستوونی ، $\bar{X}$ = ناوەندی تەوەری ئاسۆیی ، $\bar{Y}$= ناوەندی تەوەری ستوونی ،
n= ژمارەی ڕەگەزەکانی دیاردە دابەشبووەکە (خاڵەکانی سەر نەخشەکە).


٧)داود، جمعة محمد ، المصدر السابق، ص ٤٦.

ئاراستەی دابەشبوونی سەرجەم دێهاتەکانی قەزاکە بەگوێرەی شێوەی سنووری قەزای کفری لە باکووری خۆرئاواوە بۆ باشووری خۆرهەڵات درێژبووەتەوە، هەمان ئەم ئاراستەیە بۆ دێهاتەکانی هەریەک لە ناحییەکانی سەرقەڵا و نەوجوول دووبارە بووەتەوە، بەڵام ئاراستەی دابەشبوونی دێهاتەکانی ناحیەی ئاوەسپی لە باکوورەوە بۆ باشوور هەڵکەوتووە، هەروەها ئاراستەی دابەشبوونی دێهاتەکانی ناحیەی کۆکس لە خۆرهەڵاتەوە بە ئاراستەی خۆرئاوای ناحیەکە درێژبووەتەوە.

نەخشەی ژمارە (٤)

دووریی پێوانەیی دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری و ناحیەکانی.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥





سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێگەی جێبەجێکردنی تولەکانی Measuring Geographic Distribution\Standard Distance بەسەر دێهاتەکانی قەزای کفریدا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نەخشەی ژمارە (٥)

ئاراستەی دابەشبوونی دێهاتەکانی قەزای کفری و ناحییەکانی.



سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێگەی جێبەجێکردنی تولەکانی Measuring Geographic Distribution\Directional Distribution بەسەر دێیەکانی قەزای کفریدا.

لە جێبەجێکردنی هەریەک لە تەکنیکەکانی (خاڵە ناوەندییەکان، دووریی پێوانەیی، ئاراستەی دابەشبوون)، ئەوە دەردەخات کە دابەشبوونی دێییەکانی قەزای کفری دابەشبوونێکی نموونەیی و ڕێکخراو نیە، بەڵکو ڕەنگە شێوازی هەڕەمەکی یان شێوازێکی دیاریکراوی وەک (کۆبوەوە، پەرشوبڵاو) وەربگرێت. کە لە دواتردا دەخرێتەڕوو.

**٤) بەکارهێنـــانی تەکنیکـــی نزیکتـــرین دراوســـێ بـــۆ دەرخســـتنی شـــێوازی دابەشبوونی دێهاتەکان**

ئەم جۆرە شیکارییە یەکێکە لەرێگا ئامارییە باوەکان، کە جوگرافیناسان بو دیاریکردنی شیواز و شیوەکانی دابەشبوون بەکاری دەهێنن، چونکە پەیوەندی نێوان دیاردەکان لەگەڵ یەکترو رادەی بڵاوبوونەوەو کۆبوونەوەی دیاردە جوگرافییەکان بەووردی دە پێویت، هەروەها بە پێچەوانەی ئامرازەکانی ترەوە ئاماژەیەکی دیاریکراوی بو دیاریکردنی شیوازەکانی دابەشبوون هەیە، لەشیکردنەوەی نشینگەکاندا پشت بە پیوەرێکی چەندێتی بەردەوامی دەبەستێت کە بەهاوکیشەی تایبەت دەدوزرێتەوە. بۆ دۆزینەوەی بەهای نزیکترین دراوسی پێویستە، رەچاوی چەند هەنگاوێك بکەین لە وانە [٨]:


- دیاریکردنی ژمارەی دیاردەکان.
- دیاریکردنی رووپەری ناوچەی توێژینەوە.
- دیاریکردنی دووری راستەقینەی نێوان نشینگە دێهاتییەکان, ئەویش بە دیاریکردنی دووری نێوان شوێنی جوگرافی هەر نشینگەیەك و شوێنی جوگرافی نزیکترین نشینگەی دوای خویی، پاشانیش ژماردنی (ناوەندی دووری) نیوان هەموو نشینگە دێهاتییەکان، دواتریش کۆی دوورییەکان دابەش دەکەین بەسەر ژمارەی نشینگەکاندا.
- دیاریکردنی چری دابەشبوون (ژمارەی نشینگەکان/رووبەر).

بەهای ئەم تەکنیکە لە (سفر)ـەوە دەستپێدەکات و لە (٢,١٤٩) کوتایی دیت، بە جوریك کاتێك ئەنجامی بەهای نزیکترین دراوسێ دەکاتە (١) ئەوا دابەشبوونەکە شیوازی هەرەمەکی وەردەگرێت، ئەگەر لە (١,١٩)ـیش زیاتربێت ئەوا شێوازی پەرشووبلاو وەردەگرێت،بەجورێك تاوەکو نزيك بیتەوە لە(٢,١٤٩) ئەوا پەرشوبلاوییەکەی زیاتر دەبێت، بەڵام کەمتر لە(١)

٨) أحمد ئامانج فواد ، ٢٠١٨، شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنیی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، فۆڵیۆمی ٥، ژمارە ٤، لا ١٦١.

شیوازی کوبوونەوەی نزیك لە هەڕەمەکی وەردەگرێت ولە (٠,٥) کەمتریش شیوازی کوبوونەوەی تەواو وەردەگرێت [٩].

لەپاش جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکە بەسەر دێهاتەکانی قەزای کفریدا، وەک خراوەتەڕوو لە شێوەی (١)، ئەنجامەکەی بریتییە لە (٠,٩٩) واتە نزیکە لە (١)، بۆیە شێوەی دابەشبوونەکەی لە (هەڕەمەکی) هەژمارکراوە.





شێوەی ژمارە (١)
ئەنجامی نزیکترین دراوسێ بۆ دێهاتەکانی قەزای کفری

٩) محمد ازهر السماك و علي عباس العزاوي ، ٢٠١١، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية والاساليب الكمية والتقنية المعلوماتية المعاصرة، ط١، دار اليازوري، عمان، ص٢١٣.

سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێگەی جێبەجێکردنی تولەکانی Spatial - Statistics Tools\Analyzing Patterns - بەسەر دێیەکانی قەزای کفریدا.

هەروەها شێوەی ژمارە (٢)، ئەنجامی هەمان تەکنیکی تێدایە بۆ شێوازی دابەشبوونی دێییەکانی ناحیەکانی قەزای کفری، بەڵام سەرجەم ناحیەکان شێوازی دابەشبوونی هەڕەمەکییان وەرگرتووە، واتە نزیکبوون لە (١)ـی تەواوەوە. بۆیە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە شێوازی دابەشبوونی دێهاتەکانی هەریەك لە ناحیەکان و کۆی گشتیی قەزاکەدا نییە.




شێوەی ژمارە (٢)

شێوازی دابەشبوونی دێهاتەکان لە ناحییەکانی قەزای کفریدا

سەرچاوە: کاری توێژەر، لەڕێگەی جێبەجێکردنی تولەکانی Spatial - Statistics Tools\Analyzing Patterns - بەسەر دێیەکانی قەزای کفریدا.

**سێیەم دابەشبوونی قەبارەیی دێهاتەکان لە قەزای کفری**


دێهاتەکانی ناوچەی توێژینەوە لە دابەشبوونی قەبارەیی ژمارەی دانیشتواندا هاوشێوەی یەک نین، واتە جیاوازی و نایەکسانی لە ژمارەی دانیشتوانەکانیاندا هەیە، ئەم جیاوازیانەش هۆکاری ئاسانکارییەکانی ژیان و بوونی دەرفەتەکانی گوزەران لەهەریەک لەو دێیانەدا دروستیدەکەن، بۆیە تاکو دێیەکە توانای ژیاندنی دانیشتووانی زیاتری هەبێت، ئەوا قەبارەی دانیشتووانی گەورەتر دەبێت لەچاو ئەو دێیانەی دەرفەتی گوزەرانیان کەمترە. نەخشەی ژمارە (٦)، دابەشبوونی قەبارەیی دێیەکانی قەزای

کفری دەرخستووە، بەگوێرەی نەخشەکە، دەرکەوتووە دێیە قەبارە بچووکەکانی قەزاکە کەوتوونەتە بەشەکانی باکووری قەزاکەوە، ئەم ناوچانە ناوچەی

نەخشەی ژمارە (٦)

دابەشبوونی قەبارەی نشینگە دێهاتەکانی قەزای کفری

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦




سەرچاوە: کاری توێژەر لەڕێگەی دانانی ژمارەی دانیشتووانی هەریەك لە دێیەکان لەسەر شەیپ فایلی دێیەکانی قەزای کفری، بە سودوەرگرتن لە تۆڵی (Quantity By Category).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەرزونزمیی ئاڵۆزن، کە بەرزییان لە نێوان (٥٠٠-٧٦٣م) دایە هەروەها دوورن لە شارە گەورەکانەوە، بەتایبەت شاری کفری ناوەندی قەزاکە، کە بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییە گشتییەکانی لێوە پەخشدەکرێت. هەروەها ئەو بەشانە زەویی کشتوکاڵی تەخت و لەباریان بۆ چاندن نیە، بۆیە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بۆیە تەنیا ئەو خێزانانە ماونەتەوە کە ئاژەڵدارن خێزانەکانی تر بۆشارەکان کۆچیانکردووە ولە کەرتە ئابووریەکانی تر کاردەکەن.

بەڵام دێهاتە قەبارە گەورەکان کەوتوونەتە بەشەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزاکەوە، ئەم ناوچانە خاوەنی زەوپی کشتووکاڵی بەپیتن، کە جگە لە ئاژەڵداری بەکاری باخداری و کشتوکاڵی چاندن و تەنانەت لەبەر ئەوەی نزیکی شارەکانن بەشێکیشیان لە کەرتی حکومی و خزمەتگوزاری کاردەکەن. بۆیە دانیشتوانی زۆرتریان لەخۆگرتووە.

**دەرئەنجام:**

١- لە ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماریی (پەیوەندی نزیکترین هاوسێیەتی)، بۆ دۆزینەوەی شێوازی دابەشبوونی نیشینگە دێهاتەکانی قەزای کفری، دەرکەوت بەهاکەی بریتییە لە (0.99) واتە نزیکە لە (1)، بە واتای شێوازی هەڕەمەکی دێت .

٢- ئاڕاستەی دابەشبوونی سەرجەم دێهاتەکانی قەزاکە بەگوێرەی شێوەی سنووری قەزای کفری لە باکووری خۆرئاوا بۆ باشووری خۆرهەڵات درێژبووتەوە.

٣- قەزای کفری لەساڵی (٢٠٢٣) ژمارەی دێهاتەکانی لە (١٣٣) دێ پێکهاتووە، زۆرترین ژمارەی دێهات کەوتۆتە ناحیەی زینانە (نەوجول) لە باکووری ڕۆژئاوای قەزاکە کە (٣٩) دێ لەخۆدەگرێت، لەبەرامبەردا ناوەندی قەزای کفری کەمترین ژمارەی دێی لەخۆگرتووە کە تەنها (٢) دێیە. هەریەکە لە ناحیەکانی (ئاوەسپی و کۆکس و سەرقەڵا) بەدواییەکدا دێت بە (٣٢ ، ٣١ ، ٢٩) دێ.

**ڕاسپاردە:**

لەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکە پێیگەیشتووین چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینە ڕوو:

١- لەڕێگەی دیاریکردنی دەستەی پەبارەی نشینگە دێهاتییەکان بەتایبەت ئەو نشینگانەی کە توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیان هەیە، هەوڵبدرێت کە زۆرینەوەی خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینبکرێت و بکرێتە چەقی کۆبوونەوەی دانیشتوانی زیاتر. بەستنەوەی نشینگە دێهاتییەکان لەسەر بنەمای قەبارەی دانیشتوانیان بەیەکتری سوودی زۆری هەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

٢- گرنگیدان بە ئامار و سەرژمێری گوندەکان بەبەردەوامی لەڕووی ژمارەی خێزان و کەرتی کشتوکاڵی و خزمەتگوزارییەوە بۆئەوەی داتای ورد لەبەردەستدا بێت تاوەکو سوودی لێوەربگیرێت لەبواری پلاندانان و پەرەپێدانی ناوچە دێهاتییەکانی قەزاکە.

٣- گرنگی زیاتر بدرێت بەگوندەکان، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە قەبارەیان بچووکە، چونکە گوندەکان سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی خۆراك و سەرجەم پێداویستییەکانی شارن، ئەمەش لەڕێگای دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بۆ گوندەکان بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە کۆچکردنیان بەرەو شارەکان.

## لیستی سەرچاوەکان:


### کوردییەکان / نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

١. کریم، محمد مهدی ،٢٠١٦ ، دابەشبوونی شوێنیی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافی، خانەقین، لا ١٣.

### کوردییەکان / گۆڤار:

٢. أحمد ئامانج فواد ، ٢٠١٨، شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنیی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، فۆلیۆمی ٥، ژمارە ٤، لا ١٦١.

### عەرەبییەکان / کتێب:

٣. الجابری، الفاروق عبدالحليم البشير ، ٢٠٠٩ ، نزهة يقظان تحليل صلة الجوار فی الدراسات الجغرافية بالتطبيق علی المستوطنات البشرية بمنطقة مكة المكرمة، مجلة جامعة ام قری للعلوم الاجتماعية، المجلد الاول، العدد الاول، ص ١٥٤-١٥٥.

٤. داود، جمعة محمد ، ٢٠١٢، اسس التحليل المكاني في اطار نظم المعلومات الجغرافية GIS، ط١ ، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية، ص ٤١.

٥. سنكري، ايمان ، التحليل الاحصائي للبيانات المكانية في نظم المعلومات الجغرافية GIS، ط ١ ، مطبعة شجاع – حلب، سوريا، ٢٠٠٨، ص ٥٥.

٦. محمد ازهر السماك و علي عباس العزاوي ، ٢٠١١، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية والاساليب الكمية والتقنية المعلوماتية المعاصرة، ط١، دار الهازوري، عمان، ص٢١٣.

٧. خير، صفوح ، ٢٠٠٢، الجغرافية موضوعها ومناهجها و اهدافها، ط ٢، مطبعة دار الفكر ، دمشق، سوريا ، ص ٥٠.

**عەرەبییەکان / گۆڤار:**

8. الفرا، محمد علي عمر ، ١٩٨٠، علم الجغرافيا (دراسة تحليلية نقدية في المفاهيم والمدارس والاتجاهات الحديثة في البحث الجغرافي)، نشرة ٢٢، يصدرها قسم الجغرافيا بجامعة الكويت والجمعية الجغرافية الكويتية، كويت ص ٨٨.

List of sources:

Kurdish / Master's and Doctoral Thesis:

.١Karim, Mohammed Mahdi, 2016, Spatial Distribution of Human Settlements in Garmian Administration, Master's Thesis (unpublished), Garmian University, College of Language and Humanities, Department of Geography, Khanaqin, p.

Kurdish / Magazine:

.٢Ahmad Amanj Fuad, 2018, Spatial Distribution of Rural Settlements of Kufri District, Garmian University Journal, Volume 5, No. 4, Page

Arabic / Book:

.٣Al-Jabri, Al-Farooq Abdul Halim Al-Bashir, 2009, A review of neighborhood effect analysis in geographical studies with application to human resources in the Mecca region Al-Makrama, Journal of Umm Qur'a University for Social Sciences, Volume 1, Issue 1, pp. 154-1

.٤Dawood, Juma Mohammed, 2012, Basis of Spatial Analysis in GIS, Vol.1, Mecca, Saudi Arabia, p.

.٥Sinkri, Iman, Statistical Analysis of Mechanical Data in GIS Geographical Information System, Vol. 1, Shuja' Printing House – Aleppo, Syria, 2008, p.

.٦Mohammed Azhar Al-Samak and Ali Abbas Al-Azawi, 2011, Geographical Research Between Specialized Curriculum, Chemical Methods and Contemporary Information Technology, Vol Al-Hazuri, Amman, p.

.٧Khair, Safouh, 2002, Geography, its Subjects, Curriculum and Objectives, Vol. 2, Dar al-Fakr Printing House, Damascus, Syria, p.

Arabic / Magazine:

.٨Al-Fara, Mohammed Ali Omar, 1980, Geographical Science (A Critical Analytical Study in Concepts, Schools and Current Directions in Geographical Research), No. 22, Published in Section Geography by Kuwait University and Kuwait Geographical Society, Kuwait p.